# وێنەی ئەنفال لە شیعرەکانی (مەلاشاخی)دا

**نگار عبدالله کریم [١]، دەرسیم سعید شریف [٢]**

[١] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی کۆمپیوتەر، فەکەڵتیی زانست و تەندروستی، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (وێنەی ئەنفال لە شیعرەکانی (مەلاشاخی)دا) یە، کە لە ڕێگەی شیعرەکانی (مەلاشاخی) یەوە، وێنەی پلانە جۆراوجۆرەکانی حکوومەتی ڕژێمی بەعس لە ڕێگەی وێنەی شیعرییەوە نیشاندەدات. جینۆسایدکردنی خەڵک و لە ناوبردنی خاکی کوردستان بە نیازی سڕینەوەی یەکجاری گەلی کورد بە وێنەی شیعری ڕووندەکاتەوە. میتۆدی توێژینەوەکە: میتۆدی( وەسفی – شیکارییە )، وەسف و شیکاری وێنەی پرۆسەی ئەنفال لە لایەنی تیۆری و پراکتیکی توێژینەوەکەدا بە هۆی ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری دەردەبڕێت. وێنەی کارەساتەکە لە مێژووی گەلی کورددا و لە سایەی کارەکانی حکومەتی بەعسدا بە سەرمیللەتی کورددا هاتووە، دەکێشێت. . ئامانجی توێژینەوەکە: شیکردنەوەی ناوڕۆکی شیعرەکانە بە هۆی وێنەی شیعرییەوە. ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری بۆ دەربڕینی ئازار و خەم و تراژیدیای ئەنفال و تۆمارکردن و پاراستنی یادەوەری ئەنفال بۆ نەوەکانی داهاتوو و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگای کوردی، پاراستنی ڕاستییە مێژووییەکان لە لە بیرچوون، یان شاردنەوە بە کاردەهێنێت . توانای شیعری شاعیر لە مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتی تراژیدیای ئەنفالدا دەردەخات. بۆ ناسین و ون نەکردنی تاوانی ئەنفال لە بیری نەوەکانی داهاتووی گەلی کورد دا. گرنگی توێژینەوەکە: ڕۆڵی وێنەی شیعری لە ڕێگەی ڕەگەزە جیاوازەکانی وێنەی شیعرییەوە دەخاتەڕوو، ئەم وێنە شیعریانە مێژووی ئەنفال بۆ نەوەکانی داهاتوو دەگوازنەوە، کە وا لە نەوەکان دەکات ئەم ڕووداوانە لە بیرنەکەن. گرنگییەکی تری لەوەدایە، لە توێژینەوەکەدا تیشک خراوەتە سەر قۆناغی چواری ئەنفال. شاعیر بە دروستکردنی وێنەی شیعری بیر و سۆز و واقیعی ئاوێتەی یەکتری کردووە و بە زمانێکی شیعری سادە باسی لەو پرۆسەیە کردووە .

**کلیلە وشەکان:** ئەنفال، جینۆساید، گەلی کورد، وێنەی شیعری، مەلاشاخی.

## پێشەکی [1]

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە: ( وێنەی ئەنفال لە شیعرەکانی (مەلا شاخی)دا)، وێنەی نموونەیەکی زیندووی کوشتن و ئەشکەنجە و ڕاگواستنی گەلی کورد و گێڕانەوەی ئەو کارەساتانەیە بەسەر میللەتی کورددا هاتوون. وێنەی ئەنفال و جینۆسایدکردنی میللەتی کورد بە وشەی شیعری لە ساتی دەستپێکردنی شاڵاوەکە و قۆناغی چواری ئەنفال، تا تۆپزاوا و قۆرەتوو و نوگرەسەلمان و گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەکێشێت.

## گرنگیی توێژینەوەکە:

گرنگییەکەی لەوەدایە، لە شیعرەکاندا وێنەی پرۆسەی ئەنفال و چۆنییەتیی هەوڵەکانی بەعس بۆ لە ناوبردنی شوناسی نەتەوەی کورد دەخاتەڕوو. ئەم شیعرانە وەک شایەتی مێژوویی کار دەکەن و وێنەی ڕاستییەکانی ئەو سەردەمە و بیرەوەرییەکان دەپارێزن، هەروەها وێنە شیعرییەکان هۆشیاری نەتەوەیی بە هێزتر دەکەن. گرنگە بۆ ون نەکردنی تاوانی ئەنفال لە زەینی نەوەکانی داهاتووی گەلی کورد دا .

## میتۆدی توێژینەوەکە:

بابەتەکەمان گەڕاوەتەوە بۆ وێنەکردنی لایەنێکی مێژوویی ڕووداوێکی کارەساتباری گەلی کورد،کە شاعیر لە قاڵبی شیعردا دایڕشتوو، وێنەی ئەنفالی خوڵقاندووە. بەپێی ڕێبازی (وەسفی- شیکاری) کارمان کردووە، وەسفی وێنەکانی پرۆسەی ئەنفال لە لایەنی تیۆری و پراکتیکیی توێژینەوەکەدا دەکرێت بە هۆی ڕەگەزەکانی وێنەی شیعرییەوە.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە ناساندنی وێنەی ئەنفالە لە وێنە شیعرییەکانی مەلاشاخیدا، ڕەگەزەکانی وێنەی شیعریی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن بۆ نیشاندانی تراژیدیای ئەنفال. ئامانجێکی دیکەی تۆمارکردن و پاراستنی یادەوەری ئەنفال بۆ نەوەکانی داهاتوو و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگای کوردی . پاراستنی راستییە مێژووییەکان لە لەبیرچوون، یان شاردنەوە.

---

[1]. گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٩، ژمارە ٢ (٢٠٢٦)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٤ نیسان ٢٠٢٥؛ پەسەندکردن: ٢٠ تەمووز ٢٠٢٥
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١ تەمووز ٢٠٢٣ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: nigar.abdullah@chu.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٦ نگار عبدالله کریم ، دەرسیم سعید شریف، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp42-50

پیشاندانی توانای شیعری مەلاشاخی لە دروستکردنی وێنەی شیعری بۆ دەربڕینی ناوەرۆکێکی تراژیدی واقیعی، ڕەگەزەکانی (سۆز، بیر، خەیاڵ، زمان، واقیع) بەشدارییان کردووە، لە بنیاتنانی وێنەی ئەنفال دا.

## ١. ناساندنی ئەنفال و پەیوەندی بە وێنەی شیعرییەوە

### ١ .١ چەمک و زاراوەی ئەنفال

گەلی کورد لە کاتێکدا خەریکی ژیان و گوزەرانی خۆیان بوون، بەڵام دوژمن و نەیارانی بەعس ئەو ژیانەیان پێ ڕەوا نەبینین، ژیانیان لێ تێکدان، بەوەی لەساڵی ١٩٨٨ سیاسەتی قڕکردنی لەژێر ناوی (ئەنفال) پیادەکرد. وشەی ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە'' لەڕووی زمانەوانییەوە کۆی(نفل)ە، بە واتای غنیمە (دەستکەوت)دێت،کە لە کاتی شەڕ و تاڵانکردندا، بە دەست شەڕکەران کەوتووە، لەڕووی زاراوەیشەوە ماناکەی زیادە دەستکەوت دەگەیەنێت، ئەویش ئەو ماڵ و سامانەیە، کە بە شەڕ لە موشریک و کافران دەسەنرێت'' (ساڵح،٢٠٠٢: ٧)، هاوکات ئەنفال سورەتی هەشتەمە لە پەیامی ئاسمانی خودا (قورئانی پیرۆز)، ڕژێمی بەعسی لە ژێر ناوی سورەتی ئەنفالدا بۆ کافربوونی میللەتی کورد، پلانی دارشت بۆ جینۆسایدکردنی گەلی کورد، وشەی جینۆسایدیش لەڕووی زمانەوانییەوە لە دوو وشە پێکهاتووە، وشە) (genos) وشەیەکی گریکییە، بە واتای ڕەگەز، یان بنچینە دێت، وشەیەکی تری لاتینی(caeders) بە واتای کوشتن، یان فەوتاندن، مانای فەوتاندن و کوشتنی بنەچە و ڕەگەز دەگەیەنێت، لەناوبردنی مرۆڤ مانای لەناوبردنی مافی ژیانە، سووکایەتیکردنە، بە کۆمەڵگای بەشەرییەت و دژی بنەما پیرۆزە یاسایی و ڕەوشتییەکانە، (عەبدول، ٢٠٠٤: ٢٧). ڕژێمی بەعس دژی بنەما پیرۆزەکانی یاساکانی ژیان تاوانی جینۆسایدی دژ بە مرۆڤایەتی و تێکدانی ئاشتی و ئاسایشی کوردستان بە پلانی جۆراوجۆرەوە ئەنجامدا.

### ٢ .١ وێنەی شیعری و ئەنفال

ئەنفال کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ئەدەبی کوردی و بە تایبەت شیعری کوردی دروست کرد. لە لای هەندێ شاعیر و نووسەر لە نووسین و شیعرییەکانیاندا گرنگی پێدراوە، بۆ ئەوەی بیرەوەری قوربانییەکانی کارەساتی ئەنفال بە زیندوو بهێڵنەوە
توانیویانە لە ڕێگەی چیرۆک، شیعر، ڕۆمان و بیرەوەریەکانەوە وێنەی ئەنفال بنووسنەوە، نووسینەکانیان بووەتە بەشێک لە مێژووی نەتەوەیی لە ئەدەبی کوردی دا. ئەو تراژیدیایەی لە سایەی پرۆسەی ئەنفالدا ڕوویدا ، وایکرد شیعر دەرفەت بڕەخسێنێ بۆ ئەوەی دەنگی قوربانیان و بەرکەوتوانی ئەنفال ببیسترێت و تۆمار بکرێت، لە شیعریشدا وێنەی شیعری وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی دەوری هەیە لە بنیاتنانی ڕوداوەکانی کۆمەڵگەدا، بە هۆی ڕەگەزەسەرەکییەکانی (سۆز، ئەندێشە، زمان، واقیع) ناخی دەروونی شاعیر بۆ گوزارشتکردن لە بارودۆخی کۆمەڵگا و ڕوداوە خۆش و ناخۆشەکان دەردەبڕرێت، سۆزی دەروونی وەک ڕەگەزێکی سەرەکی وێنەی شیعری وا لە شاعیر دەکات'' ئیلهامی بۆ دێت لەگەڵ خەیاڵدا تێکەڵی دەکات، هێزێک لە دڵ و دەروونیدا هەڵدەقوڵێت و ئاوێتەی ڕەگەزەکانی دیکە دەبێت ئەو هێزەش سۆزە'' ( حمەکریم، ٢٠١٧: ٢٣) تایبەتمەندییەکی ئەدەبیش ئەوەیە'' زیاتر گوزارشتکردن لە واقیع نەک دروستکردنەوەی واقیعێکی نوێ، گەڕانەوەیە بۆ دواوە، گوزارشتکردن لەوەی ڕوویداوە'' ( عومەر،٢٠١٩: ١٢١) ئەنفالیش واقیعی ڕوداوێکی ڕابردووە. وەک شێرکۆ بێکەس دەڵێت:'' ئەنفال مرۆڤی کوردی گەیاندە، سەحرای عەدەمی بەرلەقیامەت'' ( بێکەس ،٢٠٠٣: ٢٣). جینۆسایدی گەلی کوردی لە پرۆسەی ئەنفال و لە سەحراو بیابانەکانی خوارووی عێراقدا، بە ڕۆژی قیامەت داناوە، پێش ئەوەی قیامەتی ڕاستەقینە بێت. وێنە'' دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆیە دەربارەی کەسایەتی شاعیر، شاعیری داهێنەر ئەوەیە، کە شیعرەکەی بە وێنە دەڕازێنێتەوە'' ( احمد، ٢٠٢٢: ١٠). کەواتە'' هەموو دەقێکی شیعری و هونەریی لە ڕووی مێژوییەوە زادەی قۆناغێکی دیاریکراوە، بەمەش ئەدەب و ڕووداوەکان لە حاڵەتەکانی ژیان- بەگشتی و ساتە پرکێشەکان بە تایبەتی هاوشانی یەکترین... بۆیە دەشێ ئەو دەقە ڕەنگدانەوەی ئەو قۆناغە مێژوویە بێت، کە شاعیر لە ژیانیدا بەر یەکێک لە ڕووداو و دیاردەکان کەوتبێت'' ، کە ئەمەش نیشاندانی واقیعێکی ڕاستەقینەیە، واقیع وەک ڕەگەزێکی سەرەکی لە شیعری کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە، (خدر و محمد، ٢٠٢٤: ٢٢٤)، بەڵام بە زمانێکی شیعری، کە'' زمان دەگرێت بە سەنتەری بە کارهێنان، بەڵام بە شێوازی ئەو زمانە نابێت لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بە کاردەهێنرێت شاعیر بۆ گەیاندنی ئەو بیرەی لە مێشکیدایە لە ڕێسای ئاسایی ڕێزمانی زمان لادەدات'' (کریم، ٢٠٢٤: ٢١٢). زمان لە شیعردا وەک ڕەگەزێکی سەرەکی وێنەی شیعری کۆکەرەوەی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شیعرە، هیچ شیعرێک بەبێ زمان ناتوانێت بوونی سەربەخۆی خۆی دیاری بکات، بە هۆی زمانەوە بە هاوبەشی ئەندێشە شیعر دەخوڵقێت، '' وێنەی هونەری زمانی ئەندێشەیە و هەموو ئەو دیاردە هەستپێکراو هەستە دەروونی و بۆچوونە ئەندێشەیی یە بەرجەستەکراوانە دەگرێتەوە ، کەبەهۆی زمانەوە بۆ خوێنەر و گوێگر ئەنجام دەدرێ بەم پێیەش دەشێ وێنەکە وشەیەک بێت ، یاخود ڕستەیەکی لێکدراو بێت، یاخود سەرجەمی هەڵبەستەکە بە شێوەی وێنەیەک ئەنجام درابێت '' ( عەلی، ١٩٩٨: ٤٧ ) . ئەمانەش دەریدەخەن وێنە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی شیعر، هەموو شیعرێک جۆرە وێنەیەک لەخۆی دەگرێت، لە ڕێی وێنەوە ڕۆدەچینە ناو ناخی دەقە شیعرییەکەوە و بابەتێکمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، یاخود دیمەنێکمان بۆ دەستەبەردەکات لە ناوڕۆکی شیعردا دەردەکەوێت، '' کە پەیامی شیعر یا ڕاستتر ڕێڕەوی شیعر ئەبێ بریتی بێ لە ئاوێنەیەک بۆ خستنەڕووی ئازارەکانی گەل'' ( عەلی، ٢٠٠٧: ٤٥). هەر بۆیە زۆرێک لە شاعیرانی ناسراوی کورد بەهۆی وێنەی شیعرییەوە بۆ خستنەڕوی دیمەنی تراژیدیای ئەنفال و نیشاندانی دیمەنی کارەساتەکە شیعریان نووسیوە و ئاوێنەی کارەساتەکەیان نیشانداوە، کە ئەمڕۆ بەشێکی گرنگن لە میراتی ئەدەبی کوردی و بیرەوەری نەتەوەیی. زۆربەی ژانرەکانی ئەدەب لەسەر بابەتی ئەنفال دواون، کاریگەری ڕوداوەکانی ئەو کارەساتەیان لەسەر بووە. شاعیران بە شیعرەکانیان گوزارشتیان لەو ڕۆژگارە کردوە، بۆ نموونە شێرکۆ بێکەس بە دیوانی خاچ و مار و ڕۆژمێری شاعیرێک ، تاشەبەرد .... جەمال غەمبار بە شیعری وەرزە ئاڵەکانی عەدەم وێنەی بەشێک لە ڕۆژە تاڵ و زەحمەتەکانی ئەنفال باسدەکەن. ( سەعیدو عومەر، ٢٠١٨: ٥٤)، جگە لەمان بە دەیان شاعیرو نووسەری دیکە لە سەر ئەنفال نووسیویانە، مەلاشاخیش وەکو شاعیرانی تر هەستی دەروونی بە سۆز و بیر و زمانی شیعری سەبارەت بە ئەنفال دەربڕیوە، بە زمانی شیعری گوزارشتی لە چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکە کردووە. لەوێوە دەردەکەوێت'' ئەنفال تراژیدیایەکی جەرگبڕبوو، بە سەرمیللەتی کورددا هات، دەبینین ئەم بابەتە لە ناو هەموو ژانرە ئەدەبییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، واقیع و خەیاڵ لەڕووی مانەوە دوو شتی دژبەیەکن، بەڵام لەڕووی کاری ئەدەبی تەبان و هەمیشە شان بەشانی یەکتری دەڕۆن'' ( عیسی، ٢٠٠٩: ٥٩). یەکێک لەو واقیعە تراژیدیایەی لە شیعرەکانی مەلاشاخی دا،

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp42-50

سەبارەت بە کارەساتی ئەنفال و قۆناغەکانی ئەنجامدانی ئەنفال و بە دیاریکراوی قۆناغی ئەنفالی چوارە ، کە" حکومەتی بەعس لە دوای کۆتاییهاتنی قۆناغی سێی ئەنفال و سەرکەوتنی بە سەرسوپای ئێران و وەرگرتنەوەی نیمچە دوورگەی فاو... سوپاکەی لەوپەڕی بەرزیدابووە، بۆ جێبەجێکردنی پلان و هێرشەکانی بۆ ئەنجامدانی قۆناغی چوارەمی ئەنفال، کە بە ئەنفالی ئاوگەی زێی بچوک ناسراوە" ( عولا، محمود ، ٢٠٢٢: ٦٠)، شاعیر ڕووداویی مێژوویی وەکو ئەنفالی چوار دەکات بە بابەتێکی ئەدەبی گرنگ و  بە وێنەی شیعری پەیامی مرۆڤایەتی گەلی کوردی بە جیهان گەیاندووە، هەروەها وێنە شیعرییەکان  ئامرازێکن بۆ دەرخستنی  ئازارەکان و هەڵسانەوەی کۆمەڵگا دوای ئەو کارەساتە.

## ٢. ڕەنگدانەوەی شاڵاوەکانی ئەنفال لە شیعرەکانی (مەلاشاخی)دا

### ٢. ١ کورتەیەک دەربارەی ژیانی( مەلاشاخی)

مەلاشاخی ناوی تەواوی (ئەبووبەکر محمد حاجی ) یە, لە ساڵی ١٩٥٣  لە دێی بیرەسپییان- پردێ هاتووەتە دونیاوە، ئەندامێکی چالاک و کارای ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە و نووسەرێکی بە توانا و شاعیرێکی خەمخۆری کوردە، ئەندامێتی گەلێک بواری سیاسی و ئەدەبی ڕۆشنبیری کردووە، سەرەتای شیعرنووسینی دەگەڕێتەوە، بۆسالآنی ١٩٦٧-١٩٦٨، زۆر جار شیعرەکانی بە ناوەکانی (ئەبووبەکر شاخی، ب- ئارام، ئەبووبەکر شێخ بزێنی، مەلا شاخی) بڵاوکردووەتەوە، لە سەردەمی پێشمەرگایەتیی، شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێی گەلی کورددا، شیعرەکانی لەگەڵ چەکەکەیدا لە سەنگەری بەرگریدا بوونە، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی شاخدا وەکو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی (ڕاپەڕین، گزنگ، ڕزگاری، نووسەری چیا، کرمانج، بانگ، نووسەری کوردستان، بەرەی کوردستان) شیعری بڵاوکردووەتەوە، یەکەم دیوانە شیعری بە ناوی (داستانی ئاوارەیی) لەساڵی ١٩٨٩ لە شاری نەغەدە و دووەم دیوانە شیعری بەناوی (هۆرەی چیا) بەر لەڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لە لایەن یەکێتی نووسەرانی کوردەوە چاپکراوە، هەروەها دیوانی (ئەنفال و شۆڕەبی، شیوەنێک بۆ ڕەندیخان)، لە یادی کیمیابارانی گۆپتەپە لە لایەن کۆمەڵەی ڕووناکبیرانی کەرکووکەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە، (شاخی، ٢٠٠٩: ٣) چەندین کتێبیشی لە بارەی ئەنفالەوە چاپ و بڵاو کراونەتەوە، شاعیر هەڵقوڵاوی ئێش و ئازارەکانی میللەتەکەی بووە، لە سەنگەری پێشمەرگەدا بەرگری لە خاک و نیشتمان کردووە، سەرتاپای کۆبەندی شیعرەکانی شیعری بەرگرییە لە خاک و نیشتمان و دەربڕینی سۆز و وەفایە بۆ هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی لەدیوانێکدا چاپیکردووە  سۆزی دەروونی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی، کە ڕزگارکردنی کوردە دەردەبڕێت، لە شیعرێکدا دەڵێت:

**منیش هێندە چەوسامەوم        کەوتم و هەڵسامەوە**
**لەو ڕۆژەوە**
**کە قەڵەم و چەک بە دەستم        هەرچەند..... دڵم بە ئازارە**
**چونکە ئامانجەکەم دیارە        تا خوێنم بجمێ ناوەستم** (شاخی، ٢٠٠٩: ٦٨)،

هەروەها بەر لە ئەنفال کتێبخانەکەی زیاتر لە ١٥٠٠، کتێب و گۆڤاری تێدابووە، لە ناوچەی شێخ بزێنی دەیکاتە ژێر خۆڵەوە، بەڵام بە داخەوە لە ئەنفالی چواردا ئەوانیش تیاچوونە، لە شیعرێکدا باسیدەکات، دەڵێت:

**من پێم وابوو        لە پاش مردن و نەمانم**
**هەموو پاشماوەی ژیانم        سامانم....... کتێبەکانم**
**کۆڵەپشت...... چەکەکەی شانم     دەبنە یادگاری بۆ خێزانم بەڵام ئەوەی بۆتە گرێ**
**لەسەر دڵم        هەتا دەمرم پەشیمانم**
**بە زیندوویی   بەم دەستانەی خۆم ناشتیانم (شاخی، ٢٠٠٩: ٦٠).**

مەلاشاخی هەوڵیداوە بە زمانی شیعر وێنەی ئەنفال وەک دۆکیۆمێنتێکی مێژوویی تۆمار بکات، وێنە شیعرەکانی سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال پڕە لە هێمای ئازار، خەم و تراژیدیای نەتەوەیی، واقیعی ڕووداوەکانی بۆ دەربڕینی هەستی دەروونی و ئەو بیرەی لە مێشکیدا  لە ڕێگای  وێنەی شیعرەوە گواستۆتەوە، وێنە شیعرییەکان پەیامی بەرخۆدان و خۆڕاگرتنیشی تێدایە. جەختی لە سەر هەستانەوە و بەردەوامبوونی گەلەکەی کردۆتەوە.  بە شیعرەکانی گوزارشتی لە شاڵاوەکانی ئەنفال کردووە، بۆ دەرخستنی تاوانی  جینۆسایدی گەلی کورد.

### ٢. ٢ ئۆردووگای زۆرەملێ و ڕاگواستن لە شیعری (مەلاشاخی)دا

گیروگرفتی دەروونی و گیروگرفتی جۆراوجۆری ئیداری و بژێوی کۆمەڵایەتی بۆ خەڵکی گوندەکان دروستبوو، بۆ ئەوەی لە ژیان بێزار بن و مەسەلەی ڕاگواستن لە لایەن ئاسایی بێت، لەو گیروگرفتانەش وەکو: بڕینی ئاو و کارەبا و نەبوونی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و کەم کردنەوەی هاتوچۆ و هۆیەکانی گەیاندن و نەناردنی خۆراک و ئازووقە و دانەوێڵەو داخستنی دەرگای مزگەوتەکان و بە تاڵانبردنی ماڵ و سەروەتی خەڵکی بە تایبەتی ئاژەڵ و بەروبوومی کشتوکاڵی و پاشان تەقەندنەوە و خاپورکردنی خانووەکان و تێکدانی ڕێگا و بانەکان و دەستدرێژیکردنی پیاوانی جاش و جێش بۆ سەر خەڵکی گوندەکان بە تایبەتی ئافرەتان و قەدەغەکردنی گوێگرتن لە ڕادیۆ، کە باسی هەستانەوە و بەرگری و چالاکییەکانی پێشمەرگەو کوردی دەکرد. (سورمێ، ٢٠٠٦: ٩١) ئەم کارانە زیاتر ڕێگەی خۆشکرد، بۆ پەلامارەکانی ئەنفال، کە بە دروستکردنی ئۆردووگای زۆرە ملێ دەستپێیکرد" سەرجەم دێهاتەکانی نزیک شارەکان و شەقامە گشتییەکانی نێوان شار و شارۆچکەکانی ڕووخاند و دانیشتووانەکەی بە زۆرە ملێ هێنایە ئۆردووگاکانەوە، کە گوندەکانی خاپور کرد و قەدەغەی هاتوچۆکردنی ڕێگاوبانەکانی ئەو گوندانەی کرد، پێیان وابوو مانەوەی ئەو گوندانە پەلامارە نەخشە بۆ داڕێژراوەکەی ئەنفال دەخاتە مەترسییەوە،  کۆنترۆڵی جموجۆڵی چالاکی ئەو گوندانەی پێناکرێ و خەڵکێکی زۆر ڕزگاریان دەبێت". (گومبەتی، ٢٠١٣: ٣٥)، بەشێکی گرنگی پرۆسەی ئەنفال، جیا لە کوشتن و لە ناوبردنی ڕاستەوخۆ، بریتی بوو لە تێکدانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری کورد لە ڕێگای ئەم ئۆردوگا زۆرەملێیانەوە، کە مەبەست لێیان لە ناوبردنی شوناسی کوردی و ئاڵوگۆڕکردنی دیمۆگرافیای ناوچەکەبوو، شاعیر بە زمانێکی کوردی پەتی وێنەی واقیعی ئەنفال دەخاتە قاڵبی شیعرەوە، لە شیعرێکدا دەڵێت:

**ئەی ئاوارەی فەڵەستینی        ئێمە لە چارەی دزێو و**
**لەڕەفتاری دوژمنانی خۆمانەوە        تێکەیشتین لە زایۆنی**
**فەرموون، فەرموون        لە ئۆردۆگای زۆرە ملێ میوانمان بن**
**زیاتر شارەزای ژیانمان بن        تا بزانن لە کەرکووک و خانەقیندا**
**لە شەنگار و لە ماردیندا        لە سەنگەری وڵاتی ئازار و   چەقۆ و   بریندا**
**چی ڕوویداوە** (شاخی، ٢٠٠٩: ٥٦).

وێنەی کارەکانی ڕژێمی بەعس بەرامبەر بە میللەتی کورد لە ئۆردووگاکانەوە دەخاتەروو، بە هاوشێوەی کارەکانی زایۆنی بەرامبەر میللەتی چەوساوەی فەڵەستینی دادەنێت، بۆ نموونە ئاوارەیی و دەربەدەری کورد و بە زۆر نیشتەجێکردنیان لە

ئۆردووگای زۆرەملێییەکاندا،

بە وێنەی شیعری داواکاری بەرزدەکاتەوە بۆ بەهاناوچوونی میللەتی کورد ، داوای هاوکاری لەڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکات، دەڵێت:

**لەنێو جەرگەت تەپوتۆزو دوکەڵەوە    لەنیشتمانی سووتماکی**
**لە بەردەم چەقۆی شوفڵەوە    بروسکەیەک بەڕێ کرا**
**ئەی ئەوانەی مافی مرۆڤ دەپارێزن    گەر ئێوە ڕاستی دەبیستن**
**ئەگەر بەتوانا و بەهێزن    بۆچی لەسەر کوردی هەژار نایەنە دەنگ؟**
**بە کیمیاوی دەمانکوژن    نیشتمانمان داگیر دەکەن**
**بۆ بیابان و گەرمەسێر    بە کۆمەڵ ڕامان دەگوێزن**

(شاخی، ٢٠٠٩: ٢٣٤).

یەکێک لە وێنەی ئەو ڕووداوانەی باسیدەکات، لە چوارچێوەی شیعرەکەدا، ڕاگواستنی گەنج و پیر و لاو و ژن و منداڵی کورد بوو، لە لایەن ئەنفالچییەکانەوە بۆ بیابانەکانی خوارووی عێراق ئەمەش وایکرد، دەنگی بەرەی نیشتیمانی کورد بەرز بێتەوە، بروسکەیان ناردووە، بۆ ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و داوای هاوکارییان کردووە. بۆ بە هاناوەچوونیان، لە لایەن وڵاتە زلهێزەکانی دونیاوە. وەک دەردەکەوێت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەو سەردەمەدا ڕۆڵێکی سنووردار و ناکارایان هەبوو. لە کاتی ئەنجامدانی ئەنفالدا، دەنگی پێشێلکارییەکان بە تەواوی نەگەیشتە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و کاردانەوەیەکی جددی نەبوو، دواتر ڕێکخراوەکانی وەک هیومان ڕایتس ووچ ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە بەڵگەکردنی ئەو تاوانانە، کۆکردنەوەی شایەتحاڵ و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی تایبەت.

## ٣.٢ ڕۆڵی بەکرێگیراوانی کورد (جاش) لە شیعرەکانی مەلاشاخی دا

ڕۆڵی جاش لە جینۆسایدی ئەنفالدا دیارە و لە بەرچاوە، لەم پرۆسەیەدا هەندێک کەس و گروپی کوردیش بەشدارییان کرد. بە کرێگیراوەکان (جاش) لە پرۆسەی ئەنفالدا ڕۆڵی جیاوازیان هەبوو، لەوانە: ڕێنوێنیکردنی سوپای عێراق بۆ گوند و ناوچەکان، چونکە ئەوان شارەزای جوگرافیای ناوچەکە بوون. بەشداریکردن لە گەمارۆدانی گوندەکان و کۆکردنەوەی خەڵکی سیڤیل، ناساندنەوەی خەڵکی پێشمەرگە، یان ئەندامانی حیزبەکان، بەشداریکردن لە هەندێک تاوانی کوشتن، دەستدرێژی و تاڵانکردن. هەموو ئەو کوردانەی ناوی "جاش"یان لێنرابوو وەک یەک نەبوون. هەندێکیان لە ژێر فشاری حکومەتدا کاریان دەکرد، هەندێکیان بۆ پاراستنی خۆیان و خێزانەکانیان، هەندێکیش لەبەر کێشەی خێڵەکی و هەندێکیش لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی. ئەوان هاوکار بوون بۆ لە ناوبردنی هەزاران پیاو و ژن و منداڵی کورد لە وێنەیەکی شیعریدا و بە زمانی شیعری، واقیعی ڕاستەقینەی ڕۆڵی ناشیرینی ئەو کەسانە دەخاتە ڕوو، دەڵێت:

**گەلێکمان هەن    گەلحۆن پەستن**
**زێڕ و زیوی سوڵتانەکان    کوێری کردوون**
**لە بادەی فیشاڵ و درۆ    کەیلن مەستن**
**وڵاتیان خانی دامەیە خۆیان داشن    ئەوەی خاکیان داگیر دەکا**
**دەیپەرستن    ویژدان مردوون، سپڵەن، جاشن**

(شاخی، ٢٠٠٩: ٥١) .

وێنەی جاش و بە کرێگیراون دەکێشێت، کە لەپرۆسەکەدا، بە هۆی دابینکردنی بڕێکی ماددی لە پارەو زێڕ و زیو، کوێرو لاڵ و کەڕ بوونە لە ئاستی نەتەوەی کورد دا و ئەو زوڵم و زۆردارییەی حکومەتیان بە لاوە ئاسایی بووە، بەشداری تاوانەکەیان کردووە. بە خاکفرۆش و سپڵە و بێویژدان و خۆفرۆش ناوی بردوون.

لە شیعرێکی تردا ڕووی ناشیرینی ئەو کەسانە نیشان دەدات و دەڵێت:

**ئەوانەی وا لە بەردەمی سووڵتانەکان    سەما دەکەن هەڵدەتووتێن**
**تەنیا لوێچی کاسە لێسن    هەندێ خەڵکانی ماستاوچی و**
**دەست بڕو    پیس و چڵێسن** (شاخی، ٢٠٠٩: ٦١)،

خاکفرۆشەکان(جاش)ەکان ماستاو چی و سەماکاری بەردەمی دەسەڵاتدارانی ئەنجامدەرانی تاوانەکە بوونە. بە ئارەزوی خۆیان هەڵیانسوڕاندون و کارەکانیان پێسپاردوون، بە هۆی ئەوەی شارەزای هەرد و چیاکانی کوردستان بوون، بە دوای ئەو کەسانەدا دەگەڕان، لە دەست سوپای ڕژێم هەڵهاتبوون، بەڵێنی درۆیان بە ئاوارەکانی شار و شاخەکان دەدا، بۆ خۆبەدەستەوەدانیان، لە پێناو ڕادەستکردنەوەی خەڵک و پێشمەرگە خەڵاتدەکران، مەدالیای ئازایەتی لە بەرۆکیان دەدرا، ئەو ڕۆڵە نەرێنی لە شیعرێکدا، وەکو وێنەیەکی ناشیرین دەخاتەڕوو دەڵێت:

**بکوژانی مامەریشە و حەمە غەفوور    لە گەڵ سوپای ئەنفالچی دا**
**بۆ کێومالی کوردستانم، نزیک و دوور    دەربەند دەربەند ئاسۆ ئاسۆ**
**دەگەڕێن بۆ هەڵگرتنی شوێن پێی    (ئاوات)و (کاکەسوور)**

(شاخی، ٢٠٠٩: ١١٩).

لە شیعرەکەدا ئەوەی دەرخستووە، کە هەر یەکێک لەپێشمەرگەکانی (مامەڕیشەو حەمەغفور) بەدەست سوپای ئەنفالچی کوژراون، بە هاوکاری بە کرێگیراونی کورد، هێشتاش بەوەوە نەوەستاون شاخ و دۆڵ و دەربەندەکانی کوردستانیان نیشانداون، بە ئامانجی گرتن و کوشتنی پێشمەرگەی دیکە.

لە شیعرێکی تردا ئەوە دەخاتە ڕوو، بە کرێگیراوانی کورد بەڵێنی درۆیان بە ناوی لێبوردنی گشتییەوە پێدەدەن و دەڵێت:

**چاوم لێبوو تەپلە ڕەشێ خۆفرۆشێک    گازیان دەکرد**
**وەرنەوە خۆتان تەسلیم کەن    ناتانکوژین    سوێند**
**دەخۆین بە سەری سەرۆک** (شاخی، ٢٠٠٩: ١٢١)

بە کرێگیراوان بانگی خەڵک و کوردییان کردووە بۆ ئەوەی خۆیان تەسلیم بکەن و بە ناوەی لێبوردنی گشتییەوە، تا ڕادەستیان بکەن و خۆیان سوپاس گوزاریی ڕژێم وەرگرن.

## ٤.٢ بە کارهێنانی چەکی کیمیایی و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی (مەلاشاخی) دا

یەکێکی تر لە پلانەکانی ڕژێمی بەعس پێش دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنفال کیمیابارانکردنی ناوچەکانی کوردستان بوو، لە کۆنگرێسی ئەمەریکا لە چاوپێکەوتنێکدا لە بکەری بە کارهێنانی کیمیاوی عەلی حەسەن پرسیاری لێدەکەن، لە وەڵامدا دەڵێت: بەڵێ ئێمە چەکی کیمیاییمان بە کارهێنا دژی ئەو نەفام و دواکەوتووانە (احسان، ٥٩، ٢٠٠١). مەلاشاخی بیری خۆی لە وێنەیەکی شیعریدا دادەڕێژێت، لە شیعرێکدا دەڵێت:

**گەردەلوولە....... گەردەلوولە    ڤایرۆسی قڕان دەهێنێ**
**هەر کەسێک دەمامکی نەبێ    شەوەی خەردەل دەی خنکێنێ**

(شاخی، ٢٠٠٩: ٢٣٨)

وێنەی ئەو ڕۆژەی کێشاوە، کە لە قۆناغی چواری ئەنفال لە گۆپتەپە و ناوچەکانی دەوروبەری حکومەتی بەعس گازی خەردەلی بەکارهێناوە، چەکی کیمیایی تەنها لە هەڵەبجە بە کارنەهات، بەڵکو لە چەندین شوێنی دیکەی کوردستان وەک گۆپتەپە، بالیسان، شێخ وەسان و ناوچەکانی دیکەش بەکار هات. ئەم هێرشانە بوونە هۆی

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp42-50

مردنی هەزاران کەسی بێتاوان و برینداربوونی دەیان هەزار کەس کاریگەری درێژخایەن لەسەر تەندروستی ژینگە و خەڵک، ئاوارەبوونی سەدان هەزار کەس، ئەم بە کارهێنانە دڕندانەی چەکی کیمیایی وەک تاوانی جەنگ و جینۆساید لە دژی گەلی کورد ناسێنراوە، لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە. وێنەی شیعری کیمیابارانکردنی ناوچەکانی گۆپتەپە لەپێش قۆناغی ئەنفالی چواردا دەکێشێت لە شیعرێکدا ئەو وێنانە نیشاندەدات، دەڵێت:

**ئای ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێک بوو　　چ وێستگەیەکی سامناک بوو**
**گۆپتەپە زامەکانی خۆی دەکولاندەوە　　عەسکەر بۆسۆی لێ هەڵدەستا**
**زەردەپەڕ بوو　　ئاسمان کردی بە ناڵەناڵ**
**گوێیان لە دەنگی کەڕەناو　　لەگرمەی دەهۆڵی شەڕ بوو**
**هاواریان کرد　　ئەنفال...... ئەنفال**
**ئیتر گوێ ئەهریمەند کەڕ بوو　　باری باری مەرگ باری ئەنفالی هێنا بە دیاری**
(شاخی، ٢٠٠٩: ٢٣٩)

وێنەی سەرەتای دەستپێکردنی شاڵاوەکە دەکێشێت، کە لە بۆردومانکردنی ناوچەکانی گۆپتەپە و عەسکەرەوە دەستپێیکردووە، لە خۆرلەزەردەی بەیانییەکی زوودا، خەڵکی ئەو ناوچانە بە هۆی دەنگ و تەقەی دوژمنانی کوردەوە، ئاگاداربوونەتەوە و ، شاڵاوی ئەنفال بەرەو مەرگ ڕاپێچی کردوون.

وێنەی لە ناوبردنی سەدان مرۆڤ و باڵندە و ئاژەڵ و ڕەز و باخی کوردستان، بە کارهێنانی چەکی قەدەغەکراو لە لەناوچوونی سروشتی کوردستاندا بە زمانێکی پەتی و واقیعێکی ڕاست لە چوارچێوەی شیعردا دەردەخات، دەڵێت:

**لەو کاتە پڕ تۆفانەدا　　تا لەگەڵ ئەم تۆفانەدا**
**سەدان ڕەز و باخ و بێستان　　بە سەدان چەم و دارستان**
**بە دەیان هۆزان و داستان　　لەگەڵ تەبارەی گەنم**
**خەلە و خەرمان هەموو سووتان** (شاخی، ٢٠٠٩: ٢٤١)

وێنەی سروشتی کوردستان دەکێشێت، کە لە شاڵاوەکەدا سەدان ڕەز و باخ و بێستان و خەلەو خەرمان و سوتاون و سەرچاوەکانی ئاو و چەم و دارستانەکانی گۆپتەپەی ژەهراوی کرد، کە کاریگەری خراپی لەسەر ژیانی ئاژەڵ و باڵندەکان هەبوو، زۆر لە باڵندە کێوییەکان و گیانلەبەرانی ناوچەکە بە هۆی بۆردومان و سووتاندنی سروشتەوە لەناوچوون، یان ناچار بە کۆچکردن بوون، ئاژەڵ و باڵندەکانیش بێبەش نەبوون لە تاوانی ڕژێم، لە وێنەیەکی شیعریدا دەڵێت:

**بە هەزاران کۆترە شینکە　　لە هێلانەی خۆیان تاران**
**فڕین.... فڕین　　بەرەو چیای خاڵخاڵان فڕین**
**بەرەو لووتکە بەرەو بنار　　هەتا دەرباز بن لە ئازار**
(شاخی، ٢٠٠٩: ٢٤٢).

وێنەی ئاژەڵ وباڵندەکان لە گەڵ وێرانکردنی گوندەکان، کە بێ خاوەن مانەوە و زۆربەیان لە برسان مردن، یان کوژران دەخاتە قاڵبی شیعرەوە، هەندێک لەو ئاژەڵ و باڵندانە بە هۆی ڕژاندنی گازی کیمیاوییەوە لە ناوچوون. لە شیعرەکاندا وێنەی کارەساتەکانی ئەنفال بیر و زەین داگیردەکەن، لە شیعرێکی دیکەدا تاوانی کیمیابارانکردنی، ناوچەکانی کوردستان هاوتای ئەو تاوانە دەکات بەرامبەر هێرۆشیما و ناکازاکی کراوە و دەڵێت:

**جووتی خوشکۆڵەی بێتاوان　　هێرۆشیما و ناکازاکی**
**لەنێو چەقەدووکەڵدا خنکان　　لێرەش لەهەڵەبجە و شێخ وەسانان**
**لەگۆپتەپە و لە بالیسان　　لەکوردستانی ژاروژان**
**گەلای هەزاران تەمەنیان　　بە چەکی کیمیاوی تەکاند**
(شاخی، ٢٠٠٩: ٣٢).

وێنەی ئەوە نیشاندەدات، لە ناوچەکانی کوردستان وەکو هەڵەبجە و شێخ وەسانان و بالیسان و گۆپتەپەدا، هەمان کارەسات ،کە بەرامبەر هێرۆشیما و ناکازاکی کراوە، دووبارە بوەتەوە. هەزاران کەس بوون بەقوربانی چەکی کیمیاویی و لە ناوچوون.

### ٢. ٥ قۆناغی چواری ئەنفال لە شیعرەکانی (مەلاشاخی)دا

ئەنفالی چوار بە کیمیابارانکردنی، گوندەکان دەستیپێکرد، پەلاماری ناوچەکانی دەشتی کۆیە و قەڵا سێوکە و شێخ بزێنی سەرو و خوارو و شوان و چەند گوندێکی دۆڵی سورداشیدا، نزیکەی ١٠دە هەزار کەس بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن، نزیکەی٧ حەوت هەزار کەسیان لە بیابانەکانی خوار و ناوەڕاستی عێراق شەهیدکران. (شاخی، ٢٠٠٧: ١٠) لە شیعرێکدا وێنەی چۆنیەتی قۆناغی چواری ئەنفال دەخاتە چوارچێوەی شیعرە و هەست و سۆزی شیعری دەردەبڕێت، دەڵێت:

**ئەنفالی چوار بوو بە ڕەشبار　　بوو بە گورگ و ئەژ دیهای هار**
**بوو بەگێژەن　　زۆربەی ئەوانەشی لوول دا**
**بەرەو چارەنووسی نادیار　　بەرەو گەرمە سێری بردن**
(شاخی، ٢٠٠٩: ٢٤٢).

ڕوداوی قۆناغی ئەنفالی چواری بە بیر و خەیاڵی شاعیرانە و زمانێکی شیعری سادە و کوردی پەتی دەخاتە چوارچێوەی دەقێکی شیعرییەوە، بە تایبەتی وێنەی ناوچەکانی گۆپتەپە و دەوروبەری دەکێشێت، کە زۆربەی دانیشتووانەکەی بە توندی بەرکەوتەی ئەنفال و زیانەکانی بوون . لەو هەڵمەتەدا، هێزەکانی عێراق گوندەکانیان کاولکرد، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتی مەدەنی ڕفاند، زۆربەیان پیاوان و گەنجان بوون، دواتر بێ سەروشوێنی کردن. لە ڕێگەی دەربڕینی شیعرەکانییەوە ناوچەکانی ڕەندیخان لە ئەنفالی چواردا وەکو هەڵەبجە بوون بە قوربانی لە شاڵاوەکاندا نیشاندەدات و دەڵێت:

**ئەمە پۆستەری خەزانە　　ئەمە وێنەی ڕەندیخانە**
**تا لێرەوە　　سەدان چرای چاو خامۆش بوون**
**سەدان باڵە پەپوولەی جوان　　هەڵپڕووکان**
**چۆن پێنج هەزار ئەستێرەی سوور　　لەئاسمانی هەڵەبجەوە**
**داچۆڕان و بوون بەکۆی نوور　　ئاوا پۆل پۆل ڕوحی مەزن**
**شەمچەی بچووک　　هەڵکشان بەرەو کاکێشان**
(شاخی، ٢٠٠٩: ٢١٩).

لە ڕێگەی خەیاڵەوە وێنەی ناوچەی ڕەندیخان بە زمانێکی شیعری دەردەخات ، کە سەدان کەس وەکو پێنج هەزار کەسی ناوچەکانی هەڵەبجە بەهۆی چەکی کیمیاوییەوە مردن و ڕوحیان ڕۆشتوە بۆ ئاسمان.

وێنەی شیعری لە ڕێگەی پرسیارەوە وەکو ڕێگە خۆشکەرێک بۆ ناساندنی قۆناغی ئەنفالی چوار و ناوچەکانی گۆپتەپە دەخاتەڕوو ، دەڵێت: **ئەمە کوێ یە ئەمە تابلۆی هەڵوەرین و داچووڕانە**

**ئەمە قەڵای سەڵت ئەحمەدە　　خاڵخاڵانە**
**ئێرە مەملەکەتی خەفەت　　دوامەنزڵگەی دابڕانە**
(شاخی، ٢٠٠٩: ٢٢٠).

لە وێنە شیعرییەکەدا، پرسیاری وروژاندوە و وەڵامیشی داوەتەوە، لەو پرسیاو وەڵامەدا ڕوونی دەکاتەوە، کاتێک حکومەتی بەعس پرۆسەکەی ئەنجامداوە و

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp42-50

کوردەکانی ئەو ناوچانەی لە قۆناغی چواردا دەستبەسەرکران، لە گوندی خاڵخاڵان لە ناحیەی شوان کۆکراونەتەوە، هەرلەوێدا لەیەکتری دایانبڕیون و ڕاپێچی زیندانەکانی نوگرەسەلمان و تۆپزاوایان کردوون.

بیری شیعری بۆ نیشاندانی وێنەی ساتی هاتنی شۆفڵ و ئیڤاکانی ڕژێم به زمانێکی پەتی دەردەبڕێت، کە چۆن لەگەڵ بردنی خەڵکەکەشدا گوندەکانیان وێران کردووە، دەڵێت:

**تەماشاکەن**
**تەپ و تۆزێک بەری هەتاوی گرتووە**
**ئەوە ئەنجامی هەرس و بورکان نییە**
**ئەوە گڕ و تۆفان نییە شۆفڵێکە**
**گوندێکی بەرکەڵپە داوە بەدامێنی ئەو گوندەوە**
**چەند کەژاوەیەک وەستاوە کەژاوەی چی؟ چەند**
**ئیڤایەک خەڵکیان تیا شەکەتدراوە** ( شاخی، ٢٠٠٩: ٢٢١).

وێنەی ئەوەی شۆفڵ و ئیڤا وەکو ئامێرێکی قورس بۆ گواستنەوەی خەڵکی و ڕووخاندن و تێکدانی گوندەکان لە پڕۆسەی ڕاگواستن و وێرانکردنی ناوچە کوردییەکاندا، هەروەها بۆ دروستکردنی ڕێگا و ڕێڕەو بۆ سوپای عێراق بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگەنە ناوچە شاخاوییەکان وێنادەکات. وێنەی شیعرێکی شاعیر باس لەوەدەکات، کە لەناو ڕاپێچکراوانی ئەنفالکراواندا کوڕ و کچی گەنج و دەستگیراندار تێدابووە، دەڵێت:

**بە هەزاران مەم و زین و خەجێ و سیامەند**
**پێش ئەوەی بگەن بەمەراز ببنە بووک و ببنە زاوا**
**ڕاپێچ کران بۆ قۆرەتوو بۆ قەسابخانەی تۆپزاوا**
(شاخی، ٢٠٠٩: ٢٢٢).

ئەم کارەساتە چەندین ڕەهەندی تراژیدی دروستکرد، بە تایبەتی لە گوندەکاندا، کوڕ و کچی دەسگیراندار لە پڕۆسەی ئەنفالدا لە یەکتری دابڕان. هەندێکیان یەکیان لە دەستدا و هەرگیز نەیانتوانی یەکتری ببیننەوە. بەشێک لە کچان و کوڕانی دەسگیراندار لە ئۆردوگاکانی زۆرەملێدا دەستبەسەر کران، یان لە تۆپزاوە و نوگرە سەلمان و شوێنەکانی تر کۆکرانەوە.

ئینجا بیری دارشتنی وشە شیعرەکانی دەخاتە سەر شێوازی دروستکردنی زیندانەکانی قۆرەتوو تۆپزاوا، کە بوون بە شوێنی جیاکردنەوەی ڕەگەزەکان و منداڵ و گەنج و لاو و پیرەکان لێکدابڕان، لەو بارەیەوە لەوێنەی ئەنفالدا دەڵێت:

**ئەمە وێنەی پێدەشتێکە تەلبەندێکە وەک دۆڵەدانی ئاش وایە**
**گۆڕەپانی جیاکردنەوە و دابڕانە پیران بەجیا منداڵ بەجیا لاوان بەجیا ئێرە**
**دەشتی کورد قڕانە** (شاخی، ٢٠٠٩: ٢٢٣).

ئەو زیندانانە بۆ کۆکردنەوەی کوردە دەستگیرکراوەکان وەک وێستگەی کۆکردنەوە و جیاکردنەوەی خەڵک بە کارهاتن. لە زۆر شوێندا، پیاویان لە ژن و منداڵ جیا کردووەتەوە . مەرجی ژیان زۆر خراپ بوو، کەمی خۆراک، ئاوی پیس، نەبوونی چاودێریی تەندروستی...هتد.

دێتە سەرباسی گۆڕە بە کۆمەڵەکان وێنەی گردۆڵکە و جلوبەرگی کوردمان بۆ دەکێشێت و دەڵێت:

**گردۆلکەیەکە لە تۆژەن دروست کراوە وردبینەوە جێی ڕامانە**
**پارچە پەڕۆی دەرپێی ژن و سوخمەی کچ و کەوای مەلا**
**لەدارتەل و لەدرکەزی و لەکێلی قەبران ئاڵاوە**
**من دڵنیام ئەم گردۆلکەو کەلوپەلە سێگۆشەی بەرمۆدەنییە**
**جێی توڕەیی خودا نییە یاتاقیگەی چەکی خەردەلە**
**یاجێی کارێکی چەپەڵە یاخۆ گۆڕی بەکۆمەڵە**
(شاخی، ٢٠٩٩: ٢٢٥)، وێنەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانمان بۆ دەکێشێت، کە جل و بەرگی دڕاوی ژنانەی کوردەواری، کە ئاماژەیە بۆ جلی کوردی و کەوای مەلا جل و بەرگێکی پیاوانەیە لە گۆڕەکاندا دۆزراونەتەوە.

ئەوانەی لە زیندانەکان مانەوە، دواتر بەرەو شوێنی ئیعدام بردران، یان لە ژێر ئەم هەلومەرجە سەختە گیانیان لەدەستدا، گۆڕە بەکۆمەڵەکان بەشێکی گرنگ بوون لە پلانی ڕێکخراوی پڕۆسەی ئەنفال، کە بەهۆیەوە سەدان هەزار کورد کوژران و بێسەروشوێن کران.

لە شیعرێکدا مەلاشاخی باسی وێنەی زیندانەکە و چۆنێتی ژیانی زیندانیان دەکات و دەڵێت:

**نوگرە سەلمان گێژەنێکی مرۆڤ لوشە**
**زینداێکە خۆی بۆ خۆی مەرگستانێکە**
**شازدە هەزار باڵی هەڵۆ لێرە شکا**
**لافاوێکە کاروانسەرای کاروانێکە**
**بەهەزاران نزاو تکا بەئاسمان و بنیچەوە هەڵپڕوکا**
**لوولەی تفەنگ و نێوچاوان قوڕگی تاساو و پڕگریان**
**ژووری تاریک و تێهەڵدان چ قیامەتێک هەڵساوە** (شاخی، ٢٠٠٩: ٢٢٦)

نوگرەسەلمان یەکێک بوو لە گرنگترین و دڵتەزێنترین ئۆردوگاکانی ڕاگواستن بەکارهێنا لە کاتی ئەنفالدا. ناوچەیەکی بیابانی و وشکە، لە کاتی پڕۆسەی ئەنفالدا کردی بە ئۆردوگایەکی ڕاگواستن بۆ بەندکردنی کورد. شوێنی دەستبەسەرکردنی هەزاران کوردی ڕاگوێزراو بوو، زۆربەیان ژن و منداڵ و پیرەمێرد بوون. بارودۆخی ژیان تێیدا زۆر خراپ بوو - کەمی خواردن و ئاو، نەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی، گەرمای زۆر، بەهۆی نەخۆشی، برسێتی، تینوێتی و ئەشکەنجەدان، ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان لەوێ گیانیان لە دەستدا. بە قسەی شایەتحاڵەکان، مامەڵەیەکی زۆر نامرۆڤانە لەگەڵ بەندکراوەکاندا د. نوگرەسەلمان یەکێکە لەو شوێنانەی کە بووەتە سیمبولێک بۆ کارەساتی ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد . وێنەی ناوچەکانی دەوروبەری نوگرەسەلمان و گیان لە دەستدانی زیندانییەکان دەکات، دەڵێت:

**گەرمەسێر، دەشتێکە چۆڵ و بیابان سەراێکە، هەڵقرچاو**
**تاچاوی مرۆڤ بڕوانێ وشکاییە، بەبێ ئاوە**
**لەو وڵاتی غوربەتەدا هەردوو دەستە لەرزۆکەکەی مەلافاتیح**
**ئەودەستانەی بۆ بانگ دەینانە بناگوێی**
**ئەودەستانەی**
**کتێب و قورئانیان دەگرت لەگەڵ لاشەی ڕەق وتەقی مام تۆفیق دا**
**بێ گۆڕ و گۆڕیچکەو تەڵقین قومیان بەسەردا کراوە**
**کەپکەشاخ، تەپەو هەڵدێر نانی تاڵ و ئاوی شوێرە** (شاخی، ٢٠٠٩: ٢٢٧).

وێنە شیعرییەکان دەریدەخەن، شێوازی ژیانی زیندانییەکان زۆر زەحمەتبووە، هەندێکیان بە هۆی نەخۆشی، یان برسیەتییەوە مردوون، مەلافاتیح ناوێکەوە تەڵقینی تەرمەکانی داوە و پاشان لەلایەن دەرگاوانەکانەوە براون، هەندێ جار شارراونەتەوە و خراونەتە نێوچاڵەوە، یان دەرخواردی سەگەڕەشەکان دراوە، لێرەدا

مەلاشاخی دەڵێت:

**لەو شوێنە بێ حورمەتەدا     سەگێکی ڕەش وەرکەوتووە**
**چاوی لە دەرگای زیندانە و     گوێی بۆگریان هەڵخستووە**
**قەرە فێرە     هەموو جارێ لە جیاتی نان و کولێرە**
**بە بەرچاوی (حەجاج)ی دەرگاوانەوە     بە بەرچاوی جەلاد و پاسەوانەوە**
**دەستێ، لاقێ، کەلەسەرێ     مردوو بە کەرت و پارچەیی**
**بێنێتەوە لە سەحراوە** (شاخی، ٢٠٠٩: ٢٢٩).

وێنەی سەگێکی ڕەش دەکێشێت، هەمیشە چاوی لە دەرگای زیندانەکانی نوگرەسەلمان بووە، بۆ ئەوەی تەرمی کوردە مردووەکان بخوات، لە بری خواردنی دیکە. دەست و قاچ و سەر و پارچەکانی لاشەکەی بە دەمەوە بووە، بە بەرچاوی حەجاجەوە، کە کەسایەتییەکی زاڵم بووە، بە توندوتیژی و بێبەزەیی لەگەڵ زیندانەکاندا ڕەفتاری کردووە.

### ٦.٢ هەستانەوەی ڕۆڵەکانی کورد لە شیعرەکانی مەلاشاخی دا

سەرەڕای هەوڵەکانی ڕژێم بۆ لەناوبردنی گەلی کورد، بەڵام لە زاری ئەو کەسانەی لە کەمپەکانی ڕاگواستن ئازادبوون، یان ئەوانەی لە سەربازگە جیاوازەکان بە هەر شێوەیەک بێت ڕزگاریان بوو، وایکرد، تاوانی ئەنفال بگێڕنەوە و ئەنجامەکانی کارەساتی ئەنفال بە جیهانی دەرەکی بناسێنن. لە زاری ڕزگاربوویەکی ئەنفالەوە بە وێنەی شیعری ڕووداوەکانی پاش ئازادبوونی نیشاندەدات، دەڵێت :

**من گیراوێکی ئەنفالم     زۆردارەکان لەسامان و ماڵیان کردم**
**خوێنیان مژیم     پێیان لەسەر ئابڕووم .. دانا**
**لەژن و منداڵیان کردم     لەودەشتە چۆڵ و هۆڵەدا**
**تووشی مەرگی تاڵیان کردم     پاشان زیندەچاڵیان کردم**
**من گیراوێکی ئەنفالم     تیشکی چاوی عاشقێ بووم**
**مەعشوقەکەم بە جێ ماوە     من گوڵاڵەی بزرکاوی**
**خەون وهیوای گیراوێک بووم     نازانم دوای ونبوونی خۆم**
**دڵدارەکەم     دایک و باوکە هەژارەکەم**
**مردن بەدەم کار ڕێگاوە     هاتومەوە دڵنیابم     چییان لێهات**
**کۆشێ منداڵ ، خێزانەکەم** ( شاخی، ٢٠٠٩: ٢٣٠)

بەشێک لە نەوەکانی کورد توانیان ڕزگاریان ببێت، بەڵام زۆربەیان بوون بە قوربانی. ئەو منداڵانەی ڕزگاریان بوو ئەوانە بوون خێزانەکانیان شاردبوویانەوە پێش هاتنی هێزەکانی عێراق، ئەوانەی هەڵاتن بۆ ناوچەکانی دیکە، یان سنووری ئێران و تورکیا. هەندێک منداڵ کە لە کاتی کوشتاردا خۆیان شاردبووەوە. ئەوانە لەناو کەسانی غەیرە کورددا شاردرابوونەوە.

ئەمڕۆ، زۆربەی ئەو ڕزگاربووانە شایەتحاڵی ئەو کارەساتە گەورەیەن و بەردەوام هەوڵ دەدەن چیرۆکەکانیان بۆ دنیا بگێڕنەوە. هەندێکیان لە وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا نیشتەجێ بوون و کاری دۆکیۆمێنتاری و یادەوەری بۆ ئەنفال دەکەن. بەڵگەنامەی تۆمارکراو سەبارەت بەئەنفال ناوی هەمووڕزگاربوویەکی ئەنفالی تۆمارکردووە.

وێنەی ئەوە دەکێشێت، کە زیندانیەکان لەکاتی گەڕانەوەیاندا باسی ئەوەیان کردووە، لە زینداندا لە سەگەکان ترساون و شەوانە خەونیان بەپەلاماردانی سەگەکانەوە بینیوە ، دەڵێت :

**ئاخر بۆیە**
**دایکی ئامانج کەهاتەوە گێڕایەوە     من و ڕەعنا هەموو شەوێ**
**لەخەونیش دا     تەرمی یەکترمان دەبینی**
**بەدەم سەگی بەرەڵاوە** ( شاخی، ٢٢٩: ٢٠٠)

لە زاری ڕزگاربوویەکی دیکەی ئەنفالەوە، کە سۆراخی کەسوکاری دەکات، هەستانەوەی ڕۆڵەکانی کورد بە وێنەی شیعری و لە چوارچێوەی زمان و بیر و واقیعێکی ڕاستەقینەدا دەکێشێت، هاوکات لە ڕێگەی پرسیارەوە دەریدەخات تاوانی ئەنفال سروشتی کوردستان و خزمەتگوزارییەکانیشی لەناو بردووە، دەڵێت:

**من گیراوێکی ئەنفالم     هاتوومەوە دڵنیابم**
**چییان لێ هات کۆشی منداڵ، خێزانەکەم     کوان باپیرە و داپیرەکەم؟**
**کوا خزمم، کوا جیرانەکەم؟     کوا سەرکانیم کوا مزگەوتم؟**
**ئەدی کوا قوتابخانەکەم     هاتومەوە دڵنیام کەن؟**
**ئازیزانم لەکام جێگان     لەکام وڵاتدا ئاوارەن؟**
**لەکام ماڵا خزمەتکارن؟     لەکام شارۆچکەو ئۆردوگان؟**
(شاخی، ٢٠٠٩: ٢٣١).

وێنەی کەسێکمان نیشاندەدات، پاش ئەوەی بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتووە، بەهەرڕێگایەک بێت، ڕزگاری بووە، دوای گەڕانەوەی و ڕزگاربوونی لە شاڵاوەکە سۆراخی کەسوکاری دەکات، خێزان و کەسوکار و دراوسێیەکانیشی نەماوەو ئاوارەبوونە، لە گەڵ ئەوەشدا وێنەی وێرانکاری ناوچەکەیان لە ڕووی تێکدانی خزمەتگوزاریی (مزگەوت و خوێندنگا) کەیانەوە دەکێشێت. لە چەند دێڕێکی تردا ناڕەوایی ئەو پلانە قێزەونانەی ڕژێم وێنادەکات، هەروەها سەرەڕای کوشتن و بڕین و سووتاندن و ژەهراویکردنی خەڵک و خاکی کوردستان نەتەوەی کورد هەستانەوە و سەر لە نوێ بوژانەوە، دەڵێت:

**کەی ڕەوایە هەموو ڕۆژێ     بەسەر درکەزی پلاندا ڕام دەکێشن**
**سنوورم لێ دەبەزێنن     کیمیاوم پێدا دەکەن**
**کەی ڕەوایە هەموو ساڵێک وەک برایم     لە ئاگردا دەسووتێنرێم**
**وەکو مەسیح لە خاچ دەدرێم     کەچی هێشتا هەر زیندووم**
**هەر زیندووم و زیندووترم** (شاخی، ٢٠٠٩: ٢٣٣).

وێنەی تاوانە یەک لەدوای یەکەکانی ڕژێمی بەعس بەرامبەر میللەتی کورد دەخاتەڕوو، کە ناوچەکانی کوردستانی و سنووری جوگرافی کوردستانی داگیرکردووە و چەکی کیمیاوی لە شاڵاوی ئەنفالدا بەکارهێنا بۆسڕینەوەی گەلی کورد، بەڵام بەهەموو ئەو کارانەش هێشتا گەلێکی زیندوون و لەناوناچن.

بە پارچە شیعرێک، گوزارشت لەوە دەکات هەر چەند هەوڵ و تواناکانی خۆیان بخەنەگڕ بۆ لە ناوچوونی گەلی کورد هێشتاش هەر ناتوانن بیسڕنەوە و بە یەکجاری لە ناویدەن. دەڵێت :

**گەر بتوانن**
**بەکۆمەکی خەڵکی دزێوی خێڵەکی     دەرگای شارەکان کلۆم کەن**
**بۆردومانی لێرەوارو.....     هەرد و چۆم کەن**
**وەکوشاری هێرۆشیماو ناکازاکی     ئەزموونی چەکی ئەتۆم کەن**
**لەکوردستان     قەت ناتوانن**
**لەنێوانی خاک و مرۆیەک بستۆکەیەک تەیمان کەن** (شاخی، ٢٠٠٩: ٢٠).

بەوێنە شیعرییەکانی باس لەوە دەکات، سەرەڕای ئەو کارەساتە گەورەیە نەتەوەی کورد بەردەوام بوو لە مانەوە و خۆڕاگربوو. لە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام حوسێن،

گەلی کورد توانی، زمان و کەلتوری خۆی بپارێزێ و گەشەی پێبدات، ئەمەش بەڵگەیەکی گرنگە لەسەر ئەوەی کە هەوڵی سڕینەوەی نەتەوەی کورد سەرکەوتوو نەبووە، کەواتە بەپێی سەرچاوەکان و شیعرەکانی شاعیر هەوڵەکانی ڕژێم لەرێگەی جۆراوجۆرەوە بۆ سڕینەوەی ناسنامە و شوناسی کورد سەرکەوتوو نەبوو. کە لە شیعرەکاندا وێنەی ئەو پلانانە بەشێکی بچوکی پرۆسەکەدا کە ئەنفالی چواربووە،دەخاتەڕوو.

## ئەنجام :

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتین، لێرەدا بە پوختی بە چەند خاڵێك دەیانخەینە ڕوو:

١ -پرۆسەی ئەنفال کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر شیعرەکان بە جێهێشتووە، ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری لە بیر و سۆز و واقیع و زمانی شیعری دا ، بۆ گوزارشتکردن لە هەستی دەروونی خۆی بە کارهێناوە .

٢ -لە شیعرییەکاندا، وێنەی پرۆسەی ئەنفال خراوەتەڕوو و وێنەی چۆنیەتی دەسپێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال بە کیمیابارانکردنی ناوچەکانی کوردستان بە تایبەتی ناوچەکانی ئاخجەلەر و گۆپتەپە لە ئەنفالی چواردا و ڕۆڵی بە کرێگیراوانی کورد لەو لە ناوبردن و هەستانەوەیەدا لە شیعرەکاندا نیشاندەدات. ڕاگواستنی کوردەکان بۆ ئۆردوگای زۆرەملێ و زیندانەکانی نوگرەسەلمان دەخاتەڕوو.

٣ -لە بواری وێنەی شیعری دا پلانە جۆراوجۆرەکانی حکوومەتی بەعس و ئازار و مەینەتییەکانی گەلی کوردی خراوەتەڕوو، هاوکات گەڕانەوەی ڕۆڵەکانی کورد و سەرنەگرتنی سڕینەوەی شوناس و ناوی کورد لە لایەن بەعسەوە بە وێنەی شیعری کێشاوە، شیعرەکان بە زمانێکی کوردی پەتی پەیامی تراژیدیای ئەنفال و ڕاستەقینەی ڕووداوەکان دەخەنەڕوو .

٤ -وێنە شیعرییەکان لە ڕێگەی بیر و سۆز و زمانی شیعرییەوە ئەو واقیعە دەردەخەن، سەرەڕای تاوانەکانی ئەنفال بۆ قڕکردنی میللەتی کورد و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد، هەندێک لە نەوەکانی کورد هەستانەوە و گەڕانەوە زێدی خۆیان. بوون بە شایەت حاڵی تاوانی ئەنفال و لە شیعرەکاندا هاتنەوە و گەڕانەوەی شایەتحاڵەکان دەرکەوتووە .

## سەرچاوەکان:


احمد، مەریوان حمەکریم ( ٢٠٢٢). بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری سالم دا، زانکۆی سلێمانی

بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٣) چەند دەقێک دەربارەی چیرۆکی کوردی، ژمارە٤٩ ،سلێمانی ، ئایندە.

-حمەکریم، هۆگر جومعە ( ٢٠١٧). وێنە لەتاقیکردنەوەی شیعری عەبدوڵلا پەشێودا، زانکۆی ڕاپەڕین

خدر ک. ئ & .,محەممەد ف. م. . (2025). شەڕ لە شیعری کوردییدا قۆناغی (دوای ڕاپەڕین تا کۆتایی شەڕی داعش) بە نمونە.*گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان*, *8*(1), 221–234. https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp221-234

سالح، عەدالەت عومەر (٢٠٠٢). ئەنفال و ئافرەتی کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

سورمی، هەژار عەزیز (٢٠٠٦). کوردوجینۆسایدو ئیبادەکردن هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

سەعید، محمد ئەحمەد، عمر، مەهدی فاتیح (٢٠١٨). کاردانەوەی ئەنفال لەئەدەبدا ( شیعر-چیرۆک-ڕۆمان) ، ژمارە٥٧، زانکۆی سلێمانی زانستەمرۆڤایەتییەکان.

شاخی، ئەبووبەکر محمد حاجی (٢٠٠٩). دیوانی شاخی، چاپخانەی نەورۆز، هەرێمی کوردستان .

شاخی، ئەبووبەکر محەممەد حاجی (٢٠٠٧). ئەنفالی خاڵخاڵان(ئەنفالی چوار)، چاپخانەی کارۆخ، سلێمانی.

عولا ک. ا & .,مەحمود ه. (٢٠٢٣). کۆیە لە شاڵاوی ئەنفالی چواردا : توێژینەوەیەکی مێژوویی زارەکییە.*گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان*, *5*(2), 59–78. https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp59-78

عومەر، مەهدی فاتیح (٢٠١٩). پرۆسەی ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا، زانکۆ سلێمانی.

عیسی، هاوژین سڵیوە. ( ٢٠٠٩). بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەس دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم . سلێمانی .

عەبدول، هێمن باقر، بەرهەم عومەر(٢٠٠٤). ئەنفالی سێ و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر ژنی پاشماوەی ئەنفال، چاپی یەکەم، چاپخانەی تەوار.

عەبدوڵا ن. (2025). شێوازی زمانی شیعریی جەلالی میرزا کریم لە کۆشیعری (ڕێگا دوورەکانی چاوەمان) .*گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان*, *8*(1), 211–220. https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp211-220

عەلی، دڵشاد ( ١٩٩٨) بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی بەراوردکار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین

عەلی، دڵشاد ( ٢٠٠٧). دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی

گومبەتی، ئیدریس ئۆمەر (٢٠١٣). ئەنفالی زێی بچووک، چاپخانەی کەمال،سلێمانی.

احسان، محمد (٢٠٠١). کردستان ودوامة الحرب، دارئاراس للطباعة النشر کوردستان، ئەربیل.

# صورة الأنفال في قصيدة الملا شخي

**ملخص**

بحثنا بعنوان "صورة الأنفال في قصائد ملاشخي"، والذي يُظهر صورة خطط نظام البعث المختلفة من خلال الصور الشعرية. يشرح الباحث إبادة الشعب وتدمير كردستان بهدف محو الشعب الكردي تمامًا من خلال الصور الشعرية. منهج البحث: يعتمد البحث على المنهج الوصفي التحليلي، حيث يُعبر عن صورة عملية الأنفال من الناحيتين النظرية والتطبيقية من خلال أنواع الصور الشعرية. يرسم الباحث صورة للمأساة التي حلت بالأمة الكردية في تاريخها بسبب أفعال نظام البعث. يهدف البحث إلى تحليل مضمون القصائد من خلال الصور الشعرية. يستخدم الباحث أنواع الصور الشعرية للتعبير عن ألم الأنفال وأحزانها ومأساتها، وتوثيق ذكرى الأنفال للأجيال القادمة وأثرها على المجتمع الكردي، وحفظ الحقائق التاريخية من النسيان أو الإخفاء. يُظهر هذا قدرة شعر الشاعر على تناول مأساة الأنفال، والتعرف على جريمة الأنفال وعدم نسيانها في أذهان الأجيال القادمة من الشعب الكردي. أهمية البحث: يُقدم دور الصور الشعرية من خلال أنواع مختلفة من الصور الشعرية. تنقل هذه الصور الشعرية تاريخ الأنفال إلى الأجيال القادمة، مما يجعل الأجيال لا تنسى هذه الأحداث. ومن النقاط المهمة الأخرى أن الدراسة تركز على المرحلة الرابعة من الأنفال. جمع الشاعر بين الفكر والعاطفة والواقع من خلال خلق صور شعرية، ووصف هذه العملية بلغة شعرية بسيطة.

**الكلمات المفتاحية:** الأنفال، الإبادة الجماعية، الشعب الكردي، الصور الشعرية، الملا شخي.

# Anfal in Mulla Shakhi's Poem Image of

**ABSTRACT**

Our research is entitled “The Image of Anfal in Malashakhi's Poems”, which shows the image of various plans of the Ba'ath regime through poetic images. Research Method: The method (descriptive - analytical),description and analysis of the image of the Anfal process in the theoretical and practical aspects of the research is expressed through the genres of poetic images. He paints a picture of the tragedy that has befallen the Kurdish nation in the history of the Kurdish people thanks to the actions of the Ba'ath regime.The aim of the research is to analyze the content of the poems through poetic imagery.He uses the genres of poetic imagery to express the pain, sorrow and tragedy of Anfal, record and preserve the memory of Anfal for future generations and its impact on Kurdish society, preserving historical facts from being forgotten or hidden.It shows the ability of the poet's poetry to deal with the tragedy of Anfal.To recognize and not lose the crime of Anfal in the minds of future generations of the Kurdish people. Importance of the research: It presents the role of poetic images through different genres of poetic images.These poetic images convey the history of Anfal to future generations, which makes generations not to forget these events. Another important point is that the study focuses on the fourth phase of Anfal.The poet has combined thought, emotion and reality by creating poetic images and has described this process in simple poetic language.

KEYWORDS: Anfal, Genocide, Kurdish People, Poetic Images, Malashakhi.